**بە نـــاوی خـــوای بەخشـــندەو میهرەبـــان**
**بە نـــاوی گەلـــەوە**
**ئەنجـــومەنی نیشتمانیی کوردســـتان ـ عێـــراق**
**ژمارەی بـــڕیـــار : ٥**
**ڕۆژی بـــڕیـــار : ٢٠٠٢/٥/٢٧**

## " بــڕیـــــار "

پشت بـە حوکمـەکانی بڕگـە (١)ی مـاددەی (٥٦) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٩٢)و لەسەر داوای وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار و ڕەزامەنـدی ئەنجومـەنی وەزیـران ، ئەنجومـــەنی نیـــشتمانیی کوردســـتانی عێـــراق لـــە دانیـــشتنی ئاســـایی ژمـــارە (١٨)ی ڕۆژی (٢٠٠٢/٥/٢٧) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا :

**یەکـەم :**

١) هەموو ئەو زەوی‌وزارە کشتوکاڵییانەی کە موڵکی پوختی (صرف) ئەشخاصی تـەبیعین و زەوییەکانی موڵکی دەوڵەت کە کەسانێك مافی تەسەڕوفیان تێدا هەیەو کـە لـە چوارچێوەی ئەو پارچە زەویانەی لـەم خـشتە هاوپێـچانەدا دیـاری کـراون و هاووڵاتییـان بـە شـێوەیەکی نایاسـایی بـەر لـە سـاڵی (١٩٧٥) خـانووی نـشینەییان لەسـەر دروسـت کـردووەو ، بـە پێـی تەصامیمی بنەڕەتی کەوتوونەتە نـاو ناوچـە نـشینەییەکانەوە بـە نـاوی ئـەو شـارەوانییەوە تۆمار دەکرێن کە ئەو زەوییانەیان تێدایە .

٢) پێویستە لەسەر شارەوانییەکان ئەو زەویانەبە پێی واقیعی حاڵی خانووە دروستکراوەکان دابڕ دابڕ (فـرز)کەن و قەرەبووی خاوەن ئەو زەوییانـەو خـاوەن کێڵگـە تەصـەڕوفکراوەکان بدەنەوە بەوەی ، کە هەر مەترێکی چوارگۆشە لە زەویی موڵکی تەصەڕوفی ئەشخاص (٢٠٠) دوو سەد فلسی بدەنێو ، هەر مەترێکی چوار گۆشەیش کە موڵکی دەوڵەتەو کەسانێك مـافی تەصەڕوفیان تێیدا هەیە (٥٠) پەنجا فلسی بدەنێ.

٣) ئـەو پـێ لێڕاکێـشاوە (المتجـاوز) ی کـە خـانووی نـشینەی خـۆی لەسـەر ئـەو زەوییانـە دروست کردووە یان ورەسە شەرعیەکانی مافی ئەوەی هەیە ، کـە بەرامبـەر بـە هـەر مـەترە چوارگۆشەیەك (٤) چوار دینار بدات و پارچەکەی بکات بە موڵکی خۆی .

**دووەم :**

ئەو کەسانەی کە خانووی نشینەییان ، بـۆ خۆیـان ، بـەر لـە (٢٠٠٠/١/١) لەسـەر زەویـی مـوڵکی هەرێم یـان مـوڵکی دەوڵـەت دروسـت کـردووەو مـافی تەصـەڕوفی ئەشخاصـیان تێـدا هەیـەو لـە چوارچێوەی ئەو پارچە زەوییانەی لەم خشتە هاوپێـچەدا دیـاری کـراون و بـە پێـی تەصـامیمی بنەڕەتی کەتوونەتە ناو ناوچە نشینەییەکانەوە، شارەوانییەکان بۆیان هەیە بیکـەن بـە موڵکیـان بە نرخێکی گونجاو ، ئەو نرخەش لە لایەن لیژنەگەلی خەمڵەوە کە وەزارەتی شارەوانی و گەشـت و گوزار بە هاوبەشیی نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی کـشتوکاڵ و ئـاودێری و دایەرەکانی تۆماری عقاری پێکیان دەهێنێ ، دەخەمڵێنرێت .

**سـێیـەم :**

١) پێ لێڕاکێش (المتجاوز) خۆی یان وەرەسە شەرعییەکانی لە ماوەی یـەك سـاڵدا (کـە لـە ڕۆژی بەکارخـستنی ئـەو بڕیـارەوە دەسـت پـێ دەکـا) داواکارییـەك بـۆ بـە موڵـك کردنەکـە پێشکەش دەکەن بە شـارەوانیی مەڵبەنـدی عقارەکـە ، بـە مـەرجێ نـاوی سیانی و پیشەو جێگای کاروکاسبی و جێگا و رووبـەری عقـارە پـێ لەسـەر درێژکراوەکـە (المتجـاوز علیـە) و جۆری بینایەکەو ماددە بەکارهێنراوەکانی تێدا بنووسێ و هەموو بەڵگەنامە داواکراوەکانیشی لە گەڵدابێ . شارەوانیەکەش دوای تـەواوکردنی تـەدقیق ، داواکارییـەکان هەواڵـەی وەزارەت دەکات و ، پێ لێڕاکێشیش دەبێ لە ماوەی (٣) سێ مانگدا (کە لە ڕۆژی پێـشکەش کردنـی داواکەیەوە دەست پێ دەکا) موڕاجەعەی شارەوانییەکە بکات بـۆ ئـەوەی پـارەی تـەملیك و ڕەسمی ئیجازەی بیناکردن و ڕەسمەکانی دی کە دەکەوێتە ئەستۆی بدات .

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mejkurdistan.com

٢) ئەگەر پێ لێڕاكێش ، لەو ماوەیەدا كە لە برگە (١)ی سەرەوەدا دیاری كراوە بە بێ مەعزەرەتێكی بەجێ داواكاریی بە موڵك كردنەكەی پێشكەش نەكرد یان پارەی بە موڵك كردنەكە یان ئەرك و مەسرەفی تری نەدا ، ئەوە لەو بارەدا مافی بە موڵك كردنەكەی نامێنێ و هەرچیەكیشی دروست كردبێ ، بە زەوی بیناكەیشەوە بە ناوی شارەوانییەكەوە تۆمار دەكرێت و ، شارەوانییەكەش بە پێی یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٨٦)ی فرۆشتن و بە كرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت بۆی هەیە تەسەڕوفی تێدا بكات .

٣) بینایەك پێ لێڕاكێشی تێدا كرابێ شەرت و شرووتی ئەوەیە كە بە ماددەگەلێ دروست كرابێ پیڕۆ و ڕێنماییەكان ڕێگا بدات كە خانوویان پێ دروست بكرێت .

٤) ناشێ لە یەك پارچە زەوی زیاتر بكرێت بە موڵكی خاوەن داواكارییەكە ، بە مەرجێكیش كە ڕووبەری ئەو پارچە زەوییە لە مەركەزی پارێزگادا لە (٢٥٠ م٢) نەترازێو ، لە مەركەزی قەزادا لە (٣٥٠ م٢) نەترازێ و ، لە مەركەزی ناحیەدا لە (٤٠٠ م٢) نەترازێو ، ئەو ڕووبەرانەش كە زیاترن نرخەكانیان بە پێی نرخی باو (السائدە) دەخەملێنرێن ، بە مەرجێ كە لە هەموو حاڵەتێكدا ڕووبەری پارچەیەك لە (٨٠٠ م٢) تێنەپەڕێ .

٥) پێ لێڕاكێش پێویستە لەسەری بەڵێننامەیەكی نووسراو (تعهد خطي) پێشكەش بكات كە نەخۆی ، نە هاوسەرەكەی ، نە منداڵە نابالغەكانی خانوویان نییەو پێشتریش بە هیچ شێوەیەك نە لە دەوڵەت و نە لە هەرێمیش سوودمەند نەبووبن .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان

٦) ئەگەر هات و داواکاریی بە موڵك کردنەکە ، درایە دواوە بە هۆی ئەوەی کە جێگای عقارەکە پێچەوانەی تەصامیمی بنەڕەتی یان تەفصیلییە ، ئەوە لەو بارەدا پێویستە لەسەر شارەوانی ، بە خۆڕایی ، بە پارچە زەویی لەبار قەرەبوویان بکاتەوە بە مەرجێ لە هەموو حاڵەتێکدا رووبەرەکەی لە (٢٠٠ م٢) زیاتر نەبێ و لە جێگایەکی لەباریشدا بێت و ، پێ لێڕاکێشیش مافی خۆیەتی لە کیسەی خۆی ، خانووەکەی برووخێنێ و داروپەردووەکەی (أنقاض) ببات .

**چوارەم :**

١) هەر بینایەك بە پێ لێڕاکێشان دوای (٢٠٠٠/١/١) دروست کرابێ ، لا دەبرێ .

٢) هەر کەسێ ، دوای بەکارخستنی ئەم بڕیارە ، بە پێ لێڕاکێشی بینا لەسەر زەویی شارەوانی یان هەرێم لە سنووری شارەوانیدا دروست بکات ماوەیەك حەپس دەکرێ لە شەش مانگ کەمتر نەبێ یان (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار غەرامە دەکرێت و بە پێی یاساگەلی بەرکاریش خانووەکەی ، لەسەر ئەرك و مەسرەفی خۆی ، دەڕووخێنرێت .

**پێنجەم :**

قەدەغەیە دادگاکان گوێ لەو دەعوایانە بگرن کە لە بەکارخستنی حوکمەکانی ئەو بڕیارەوە سەرهەڵدەدەن .

**شەشەم :**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ڕێنماییگەلی پێویست بۆ ساناکردنی بەکارخستنی حوکمەکانی ئەم بڕیارە دەربهێنێ .

**حەوتەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەرکار .

**هەشتەم :**

پێویستە وەزیرە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخەنە بەرکار.

**نۆیەم :**

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار .

**د. رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**

**لیستی ناو و ژمارەی پارچەو ژمارەی پیَ لیَ دریَژکردووەکانی سەر ئەو پارچانە**
**لە مەرکەزی پاریَزگای هەولیَر**

| ژ | ژمارەی پیَ لیَ دریَژکردووەکان | ژمارەی پارچە | ژمارەی موقاتەعە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢١١ تەیراوە ، پشت مزگەوتی حاجی عبدالله حەمامچی | ٦٨٩ | ٢٠٨ وارش تەیراوە | بەر لە ساڵی ١٩٧٥ پێی لەسەر درێژکراوە |
| ٢ | ٤٧ سەیداوە | ٣٥٨ | ٤٥ وارش | بەر لە ساڵی ١٩٧٥ پێی لەسەر درێژکراوە |
| ٣ | ٥٢٤ سەیداوەی سەید بەهیە | ١٠٦ | ٤٥ وارش | بەر لە ساڵی ١٩٧٥ پێی لەسەر درێژکراوە |
| ٤ | ١١٤٤ گەڕەکی بەهار (گێمەدێ) رێگای مەخمور | ٧٢ | ٤٤ وارش | بەر لە ساڵی ١٩٧٥ پێی لەسەر درێژکراوە |
| ٥ | ٩٧ تەیراوە ، پشت قوتابخانەی ئەییوبییە | ٧٧٧ | ٢٠٨ وارش تەیراوە | بەر لە ساڵی ١٩٧٥ پێی لەسەر درێژکراوە |
| ٦ | ٤٠٥ گەڕەکی گڵکەند | ١٠٨ | ٤٥ وارش | ساڵی ١٩٦٠ بە خۆڕایی دابەش کراوە |
| ٧ | ٧٧٨ دەوروبەری شاری هەولێر و گەڕەکەکانی مەحتەو ، سایلۆ و ، دووری ئەمن و ٨٠ تورق و جێگای دی ـ دوای راپەڕین پێی لەسەر درێژکراوە | | | |
| ٨ | ١٥٥ رێگای حەسارۆك و كۆیە | ٧,١١٣ | ٩٣ حەسارۆك | دوای راپەڕین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ٩ | ٣٠ سێتاقان ، نزیك برایەتی | ١١٤ | ٤٥ وارش | بەر لە راپەڕین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ١٠ | ١٤٥ گەڕەکی سێتاقان | ١٢٠ | ٤٥ وارش | بەر لە راپەڕین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ١١ | ٣٢٧٢ گەڕەکی باداوە | ٤٨،٤٢،٥٤ ، ٥٠،٣٥،٣٦ ٤٥،٥٣، (وتختلف) | ٩٤ باداوە | بەر لە راپەڕین پێی لەسەر درێژکراوە |

کۆی پیَ لیَ دریَژکردووەکانی مەرکەزی شاری هەولێر بریتیە لە (٧٣٥١)

**لیستی ناو و ژمارەی پارچە زەوی و ژمارەی پێ لێ درێژکردووەکانی سەر ئەو پارچانە**
**لە قەزا و ناحیەکانی پارێزگای هەولێر**

| ژ | ژمارەی پێ لێ درێژکردووەکان | ژمارەی پارچە | ژمارەی موقاتەعە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٢٤ کانی قرژاڵە | | ٤٣ | دوای راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ٢ | ٦٥٠ شارەوانی خەبات | | ٦٣ | دوای راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ٣ | ٢٧٠ شارۆچکەی قوشتەپە | | ١٠١ | پێش راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ٤ | ٦٥ گەراجی بێتورمە شەقلاوە | | ١٦ شەقلاوە | پێش راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| | ٥ سابیراوە ـ شەقلاوە | | ١٦ شەقلاوە | پێش راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| | ٩ سابیراوە ـ شەقلاوە | | ١٦ شەقلاوە | پێش راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| | ١١ پشت مزگەوتی حاجی رەشید مەیدان ، شەقلاوە | | ١٦ شەقلاوە | پێش راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ٥ | ٢١٦ چۆمان | | ٣٢ چۆمان | دوای راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ٦ | ٣٨ شارەوانی شۆرش | | ٢٣ شۆرش | دوای راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ٧ | ١٣٧ خەلیفان | | ١ زارگەلی | دوای راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ٨ | ٢٥٧ دارەتوو | | ٧٢ دارەتوو | دوای راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ٩ | ٤٢١ کەسنەزان | | ٩٥ کەسنەزان علی پاشا | دوای راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ١٠ | ٤٤٠ کوران عەینکاوە ـ بەلاشاوە | | ٥ عەینکاوە | پێش راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ١١ | ١٧٥ ناحیەی صلاح الدین | | ٩ صلاح الدین | دوای راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ١٢ | ١٧٢ پێ لێ درێژکاریی ئەوانەی لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە | | | دوای راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ١٣ | ٤٣٢ خەلیفان | | ١ زارگەلی | دوای راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |
| ١٤ | ١٥٦٩ شارۆچکەی هەریر | ٨٩ | ٩٠ هەریر | دوای راپەرین پێی لەسەر درێژکراوە |

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**کۆی پێ لێ درێژکردووەکانی قەزاو ناحیەکانی پارێزگای هەولێر بریتییە لە (٤٨٨٠)**

**ژمارەی پێ لێ درێژکارانی قەزاو ناحیەکانی دهـــۆک**

| ژ | ژمارەی پێ لێ درێژکاران | ژمارەی پارچە | ژمارەی موقاتەعە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٦٤ گەڕەکی بەردەڕەش | ٦/١ | ٦٠ | بەردەڕەشی گچکە ، سالّی ١٩٧٩ و پاشانیش پێ درێژیی لەسەر کراوە |
| ٢ | ١٨ گەڕەکی بەردەڕەش | ١٣٨/١ | ٦٣ | بەردەڕەشی گچکە ، سالّی ١٩٧٩ و پاشانیش پێ درێژیی لەسەر کراوە |
| | | و ٧٧٦/١ | ٦٣ | بەردەڕەشی گچکە ، سالّی ١٩٧٩ و پاشانیش پێ درێژیی لەسەر کراوە |
| | | ٧٧٤/١ | ٦٣ | بەردەڕەشی گچکە ، سالّی ١٩٧٩ و پاشانیش پێ درێژیی لەسەر کراوە |
| | | ٧٦٩/١ | ٦٣ | بەردەڕەشی گچکە ، سالّی ١٩٧٩ و پاشانیش پێ درێژیی لەسەر کراوە |
| | | ٧٦٥/١ | ٦٣ | بەردەڕەشی گچکە ، سالّی ١٩٧٩ و پاشانیش پێ درێژیی لەسەر کراوە |
| | | ٧٥٢/١ | ٦٣ | بەردەڕەشی گچکە ، سالّی ١٩٧٩ و پاشانیش پێ درێژیی لەسەر کراوە |
| | | و ٦٣/٥ | ٦٣ | بەردەڕەشی گچکە ، سالّی ١٩٧٩ و پاشانیش پێ درێژیی لەسەر کراوە |
| ٣ | ٥٢ بەردەڕەش | ٤٠٦/٩ | ٨٧ | خێلکی گچکە ، سالّی ١٩٧٩ و پاشانیش پێ درێژیی لەسەر کراوە |
| | | و ٥/٩ | ٨٧ | خێلکی گچکە ، سالّی ١٩٧٩ و پاشانیش پێ درێژیی لەسەر کراوە |
| | | و ١/١١ | ٨٧ | خێلکی گچکە ، سالّی ١٩٧٩ و پاشانیش پێ درێژیی لەسەر کراوە |
| ٤ | ٥ بەردەڕەش | ٦/١ | | بەردەڕەشی گچکە ، سالّی ١٩٧٩ و پاشانیش پێ درێژی لەسەر کراوە |

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | ٢٨ بەردەڕەش | ٨٩٧/١ و ٧٥٥/١ | | چیای دهـۆك ، سـالّی ١٩٩١ و پاشـانیش پـێ درێژیی لەسەر کراوە |
| | | و ٣٨٥/١ | | شـاخكی و شـەقامی (٣٠) سـالّی ١٩٩١ و پاشـانیش پـێ درێـژیی لەسەر کراوە |
| | | و ٦٢٨/١ و ١٣/٤م | | ٦٣ سـالّی ١٩٩١ و پاشـانیش پـێ درێـژیی لەسەر کراوە |
| ٦ | ٨٨ بەردەڕەشی گچکە | و ٦٢٨ /١ و ١٣/٤م | | ٦٣ سـالّی ١٩٩١ و پاشـانیش پـێ درێـژیی لەسەر کراوە |
| ٧ | ١٨٠ بەردەڕەشـی عەشـائیری سەبعە | | | نـاو ئـاوەڕۆی رووبـار ، سالّی ١٩٩١ و پاشـانیش پێ درێژیی لەسەر کراوە |
| ٨ | ٨٤٣ ناوچەی جۆر بـە جـۆری زاخۆ | ١٤٧/٢ و ٤٣٢/٢ | | حـی العـسكری خـوار مزگەوتەكـە ، سـالّی ١٩٩١ و پاشـانیش پـێ درێژیی لەسەر کراوە |
| | | و ٤٢٩/٢ | | حـی العـسكری خـوار مزگەوتەكـە ، سـالّی ١٩٩١ و پاشـانیش پـێ درێژیی لەسەر کراوە |
| | | ٦١٧ | ١٦ | خرابـەی بابـك پارچـە ٥٢٣/٣ و پارچـەی جۆربـەجۆری دیكـە ، سالّی ١٩٩١ و پاشـانیش پێ درێژیی لەسەر کراوە |
| ٩ | ٣٦٩ سمێل | ١و٢ سمێل | | دەوروبەری قەزای سمێل ، بەر لە راپەڕین و پـاش ئـەوەش پـێ درێـژیی لەسەر کراوە |

كۆی ژمارەی پێ لێ درێژكارانی قەزا و ناحیەكانی دهۆك بریتییە لە (١٦٤٦)

ژمارەی پێ لێ درێژکردووەکانی مەرکەزی پارێزگای دهـــۆک

| ژ | ژمارەی پێ لێ درێژکردووەکان | ژمارەی پارچە | ژمارەی موقاتەعە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١١٠ بەرامبـــەر صـــەناعەی دهۆك | باكوور | موفرەزاتی پارچە | ٢ لە دەرەوەی ئیفراز ، دوای سالّی ١٩٩٦ پێـی لەسەر درێژكراوە |
| ٢ | ٢٤٠ بـــاكووری شـــەقامی قیشرین | ١٨ر١ | ٨٤ بروشكی | دوای سالّی ١٩٩٢ پێـی لەسەر درێژكراوە |
| ٣ | ٨٧ مالطای خواروو | ١٢ | نصارە | دوای سالّی ١٩٩٢ پێـی لەسەر درێژكراوە |
| ٤ | ٣١٥ مالطای ژووروو | ١٣ | نصارە | دوای سالّی ١٩٩٢ پێـی لەسەر درێژكراوە |
| ٥ | ٢٠١ پارچەكانی شندوخە | | | خـــاوەن موڵكـــەكانی سەروو گوندەكەن سالّی ١٩٩٢ و پاشانیش پێـی لەسەر درێژكراوە |
| ٦ | ٩٥ شەهیدان | ١ | شندوخەی خۆرهەلآت | سالّی ١٩٩٢ و پاشانیش پێی لەسەر درێژكراوە |
| ٧ | ٥ كفركی و شندوخە | باشوور | موفەرەزاتی پارچەی (١) | سالّی ١٩٩٢ و پاشانیش پێی لەسەر درێژكراوە |
| ٨ | ٣٦٠ پارچـــە ٣٠ گـــەڕەكی مهابـاد موجـاوری شـەقامی ٣٠م | ٣٠ | | سالّی ١٩٩٢ و پاشانیش پێی لەسەر درێژكراوە |
| ٩ | ٢١ متفرقات | | | سالّی ١٩٩٢ و پاشانیش پێی لەسەر درێژكراوە |
| ١٠ | ٤٣٥ كـزا برای | ٢٠ | | دارسـتانی گلـی سـالّی ١٩٩٢ و پاشـانیش پێـی لەسەر درێژكراوە |
| ١١ | ٣٠٣ باكوری شەقامی ٢٠ | ١٨ | | سالّی ١٩٩٢ و پاشانیش پێی لەسەر درێژكراوە |
| ١٢ | ١٩٢ باشـــوری كۆمەڵگـــەی بروشكێ | ٢٢ | ٧٨ | دهـۆكی خـوارین سـالّی ١٩٩٢ و پاشـانیش پێـی لەسەر درێژكراوە |
| ١٣ | ١٠ دهوكی باكوور | ١ | ١١٠ | چیای دهۆك سالّی ١٩٩٢ و پاشانیش پێـی لەسـەر درێژكراوە |
| ١٤ | ١١١ (المتجاوزين) | ٦٠ | | شـاخكی شـەقامی (٢٠) سالّی ١٩٩٢ و پاشـانیش پێی لەسەر درێژكراوە |

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـوردستان
www.mojkurdistan.com

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٥ | ١٢ گەڕەكی عولەما | ٢ | | گەڕەكی عولەما و باشووری كۆمەڵگەی بروشكی ساڵی ١٩٩٢ و پاشانیش پێی لەسەر درێژكراوە |
| ١٦ | ١٣٧ پایانی كۆمەڵگە | | | پایانی كۆمەڵگەی نێوان صەناعە و موفرەزاتی پارچە (٢٠) ساڵی ١٩٩٢ و پاشانیش پێی لەسەر درێژكراوە |
| ١٧ | ١٨ گەڕەكی شیلێ | | | ناو مەجرای ڕووبار ، ساڵی ١٩٩٢ و پاشانیش پێی لەسەر درێژكراوە |
| ١٨ | ٢٥ گەڕەكی عەسكەری | | | گەڕەكی عەسكەری خوار مزگەوتەكە ، ساڵی ١٩٩٢ و پاشانیش پێی لەسەر درێژكراوە |
| ١٩ | ١٩٩ باكوری موفرەزاتی پارچەی ٢٠ نزاركێ | | | ساڵی ١٩٩٢ و پاشانیش پێی لەسەر درێژكراوە |
| ٢٠ | ٨٣ بەرامبەر صلاوی | لە ٧٣٩/٨ تا ٧٤٦/٨ | | ٨٤ بروشكێ ساڵی ١٩٩٢ و پاشانیش پێ درێژیی لەسەر كراوە |
| ٢١ | ١٠ لە چوارچێوەی ناوچەی پیشەسازی | | | ساڵی ١٩٩٢ و پاشانیش پێ درێژیی لەسەر كراوە |

٢٩٢٧ كۆی پێ لێ درێژكارانی مەركەزی پارێزگای دهۆك
١٦٤٦ كۆی پێ لێ درێژكارانی قەزا و ناحیەكانی دهۆك
٤٥٧٣ كۆی گشتیی پێ لێ درێژكارانی پارێزگای دهۆك